هایدلبرگ 31 مارس 2005

# أؤذي 31ي مارسي 2005 بيرةوةري ثةنجاونؤهةمين سالَي طيان بةختكردواني (أسطةي ئازادي) و كؤماري كوردستانة ... دوكمؤر طلمراد مرادي

هاووڵاتیانی (به ریز) شۆڕشگێر و خۆشه ویستی کورد!
په نجاو هه شت سال له مه و به ر، یانی له ئه م رووژه سا عه تی چوواری له پاش نیوه شه و دا، پیشه وا قاضی محمد، محمد حسین خانی سیف قاضی و ئه بولقاسمی صه دری قاضی به نا حه ق سیداره دراون. ئه م جنایه ته پینه یه کی ننگ و نفرته بو رژیمی محمد رضا شاه له میژوی ئیراندا.
خوینه رانی به ریز، ئه م ووتاره پیویست بو، من له سیمیناریک له شاری سلیمانیه به مناسبه تی گیان بخت کرانی ریگای ئازادی نیشتمانمان پیشکه ش بکه م که به داخه وه به بونه نه خووش بوونم، نه م توانی برومه کوردستان. ئاما ئیستا پیشکه شی ئیوه به ریز دی که م.
له ڕاستی دا مه ڕاسمی غه م و شادی هۆکارێکن که ئێمه زیاترله هه رشتێکی تر یه کگرتووتر پێشان ده ده ن. ده کرێ بڵێین که ئه مه یه کێک له خسڵه ته باشه کانی فه رهه نگی ڕۆژهه ڵاتی ناوه ڕاست و به تایبه تی ئێمه ی کورده. ئه مه یه کێک له ئاره زوه کانی دێرینه ی هه ر کوردێکی وشیار و دڵسۆزیشه که ئه م جۆره یه کگرتنانه له بواره کانی فه رهه نگی و کۆمه ڵایه تی به شیوه یه کی ڕێک و پێکتر له ڕێگای خه باتی سیاسی بۆ به ده ست هێنانی مافی چاره نووسی گه لی خۆی بپارێزێ و په ره ی پێ بدات. هه ر ئێستاکه ئه م یه کگرتن و سه رکه وتنه به رزه له م به شه له کوردستان به باشی خۆی ده نوێنێن و ئاکامه کانی به رچاون.
ئێمه ئه مڕۆ بۆ ڕێزلێنان له ڕووداوێکی زۆر تاڵی مێژووی تازه ی گه لی کورد له ده وری یه کتر کۆ بووینه وه تا به م شێوه یه هاوده نگی و وه فاداری خۆمان به شۆڕشگێڕانی گیان به خت کردوو له پێناوی ئازادی گه له که مان نه ته نیا به نه سڵی خۆمان، به ڵکوو به هه موو خه ڵکی جیهان نیشان بده ین و شه هیده کانمان دڵنیا بکه ین که ئاڵای خه بات و تێکۆشانیان تا سه ر-که وتنی یه کجاره کی نانێینه زه وین. پێشه وای نه مر له ساته کانی دوای ژیانی دا، له وڵامی دادستانی نیزامی شاه دا فه رمووی: که ئه و ئاڵای پیرۆزی کوردستانی داوه ته ده ستی هه ڵۆیه کی سه ربه رز و ڕێبه ری هه میشه زیندووی کورد که ئه م ئاڵایه له سه رشانی به هێز و توانای قاره مانانی گه له که ی کێوبه کێو و دۆڵ به دۆڵ حه مل ده کرێ که تا ئه مڕۆ له سه ر کاخی سه ربه خۆیی فه رهه نگی، کۆمه ڵایه تی و سیاسی به شێک له و خاک و ئاوه دا بشه کێته وه.
بێشک ئه گه ر ئه مڕۆ نه مران قازی محمد و هاوسه نگه رانی به توانای له م مه ڕاسمه دا که به یادی به ناحه ق له سێداره درانیان پێک هاتوه، به شیوه ی جه سته له گه ڵمان بوانه و به چاوی خۆیان ئاکامی زێڕینی خه باتی ته ک ته کی ئێوه یان له م به شه له کوردستانی ئازاد دا دیتبایه، ده بوو چه ند خۆشحاڵ بن که به شێک له ئاواته کانیان وه دی هاتوه! ئێمه ڕۆڵه کانی پێشه وا به خۆمان ده نازین که پێشگۆیه کانی به ڕێزیان لانی که م له به شێک له کوردستانی خۆشه ویست دا، وه دی هاتوه.

هاوڕه گه ز و هاوقه بیله خۆشه ویسته کان!
له م خه باته دوور و درێژه دا هه ر ئه و جۆره که مێژووی خویناوی گه له که مان نیشانی ده دا، قازیه کان ته نیا نه بون که له م ڕێگایه دا گیانیان له ده ست داوه، به ڵکوو ئه م سه رکه وتنه ی ئه مڕۆ ئاکامی خه باتێکی زۆر دوور و درێژه که ته نیا له سه د ساڵی رابردوودا به ئه ندازه ی گۆڵه نێرگز و داره سه رسه وزه کانی کوردستان قوربانی له سه ر دراوه. کاروانی (خوبه خت کران) شه هیدانی ڕێگای ئازادی گه لی کورد ئه وه نده درێژه که لێره دا ته نیا ئاماژه به ده سته چیله یه کیان ده که ین. له شێخ عبدالسلام (دووهه م) بارزانی که له ساڵی 1914 له لایه ن عوسمانیه کان ئیعدام کرا تا شێخ مه حمود به رزنجی ناسراو به سوڵتانی کوردستان، شێخ سه عیدی پیران، ئیحسان نوری پاشا، سمایل ئاغای سمکۆ، سه ید ڕه زا دێرسیمی و به قه ولی نه مر سه دری قازی هه ڵۆی به رزه فڕی کوردستان ڕێبه ری گه وره، مه لا مسته فا بارزانی وهه زاران گیان فیدا و پیشمه رگه

ی تر كە بە خوێنی خۆیان دار و دە شت و دە وە نە كانی كوردستانیان ئاو داوە، لە م سە ركە وتنە دا، نە قشی بە رچاویان هە بوە.

هاورێیانی تێكۆشە ر و گە لی خە باتگێری كورد!
سە ركە وتن و شكستە كانی جاربە جار و بە ردە وامی گە لی ئێمە تایبە ت بە توانایی و لێوە شاوە یی یان هە لە و كە م كاری ڕێبە رێك، حیزب و سازمانێك نە بوە و نییە، بە ڵكوو لە سە ركە وتن و شكستە كانی گە لە كە مان هە مووی ئێمە بە شدارین. ئە گە ر ئێمە بۆ یە كێتی ڕێبە ران و هێزە سیاسی یە كانمان هە وڵ بدە ین و لە بە رانبە ر كردە وە كانیان بێدە نگ نە بین و قازانج و بە رژە وە ندی كۆمە ڵگامان بۆ گرینگتر لە قازانج و بە رژە وە ندی تاك بێت و بە قە ولی پێشە وای نە مر كە لە وە سیە ت نامە كە ی دا ئاماژە ی پێ كردوە: بۆ ژیانی فانی ئە م دنیایە خۆمان بە دوژمن نە فرۆشین، چونكە دوژمن دوای ئە وە كە بە ویستە كانی گە یشت، ئێمە ش لە ناو دە بات، لە م حاڵە تە دا بێشك سە ركە وتن بە دە ست دێنین. لە ڕاستی دا ئە گە ر سست بین، ئاگری دووبە رە كی خۆش بكە ین، لە بە رانبە ر ڕووداوە كان دا بێ تە فاوە ت بین و بە خاتری قازانجی شە خسی ڕوو لە ڕاپە ڕین و شۆڕش وە رگێڕین، ئە وە لە بە رانبە ر دوژمن دا شكست دە خۆین و شۆڕش و خە بات بە رە و لە نێوچوون دە ڕوا. كە وابوو هۆی شكست دە گە ڕێتە وە سە ر ئێمە و بۆیە دە بێ پێشی ئە م دیاردە یە بگرین.
ئێستا دوای ئە م سە رە تا كورتە، ئیجازە م بدە ن لە حزووری ئێوە ی بە ڕێز ئاماژە یە كی كورت بە كۆماری كوردستان لە مە هاباد لە ساڵە كانی 1324 و 1325 ی هە تاوی و چۆنیە تی پێك هاتن و شكستی و هە روە ها ئیشاڕە یە كیش بە دادگایی كردن و ئێعدامی قازی یە كان و ڕێبە رانی تری ئە م كۆمارە هە میشە زیندوە و بێ ڕە حمی و دوژمنایە تی لە ڕادە بە دە ری دوژمنان بە رانبە ر بە گە لی كورد بكە م.

1، چونیە تی زە مینە ی پیكهاتنی كوماری كوردستان
بۆ لێكۆڵینە وە لە م بابە تە زۆر دوور ناكە وینە وە. لە سە دە ی بیستە م دا كە سایە تیە ناودارە كانی كورد بە تایبە ت لە كاتی شە ڕی یە كە م و دووهە می جیهانی ڕۆڵێكی بە رچاویان لە خە بات بۆمافی چارە نووسی گە لی كورد هە بوو. لە هە ركام لە بە شە كانی كوردستان زۆر كە سایە تی بە توانا و لێوە شاوە ڕاپە ڕین كە ئە مرۆكە ناویان نە تە نیا لە لاپە ڕە زێڕینە كانی مێژوو بە ڵكوو لە دڵی تە ك تە كی ئێمە ی كورددا سە بت كراوە. لە نموونە ی ئە و شۆڕشگێرانە لە كوردستانی ئێران دە توانین ئاماژە بە قازیە كان و خە باتی بە رچاوی ئە وان بكە ین. لە ساڵی 1916ی میلادی قازی فە تاح مامۆی باوكی قازی محمد بە هۆی خە باتی چە كداری دژی هاتنی سە ربازانی ڕوسیە ی تێزاری بۆ ناوچە ی مە هاباد، هە ڵێنانی هە نگاوێكی بە رز لە ڕێگای وشیار كردنە وە ی كۆمە ڵانی كوردی موكری بۆ دیفاع لە شە ڕە فی ئینسانی و پێشگیری لە تە جاوزی بێگانە بوو. ئە م خۆڕاگریە ی قازی فە تاح لە بنە ماڵە ی قازیە كان دا بوو بە ڕە سم كە نموونە ی دوای ئە و ڕە فتارو خە باتی شێلگیرانە و قارە مانانە ی قازی محمد بوو كە نە تە نیا لە ئێران بە ڵكوو لە سە راسە ری كوردستان و تە نانە ت لە ڕۆژهە ڵاتی ناوە ڕاست ئاكامێكی زۆر زیندوو و بە رچاوی لێ كە وتۆتە وە.
ئە گە ر مێژووی ئە دوایانە ی گە لی كورد هە ڵدە ینە وە، دە بینین كە دوای شە ری یە كە می جیهانی چ زوڵمێكیان لە گە لی كورد و بە تایبە ت بە كوردە كانی ئە مرۆی عێراق و كە مینە نە تە وە كانی تری وە ك ئاسووری و ئە رمە نی هاوپە یمان و هاودە ردی كورد لە و شوێنانە ی لە ژێر سە یتە ری عوسمانی دابوو، كرد وده وڵە تە سە ركە وتوە كانی شە ری یە كە می جیهانی قە و ل و قە راره كانی پە یمانی سێڤرز لە 10ی ئاوگوستئ 1920 یان پشت گوێ خست. بە داخە وە ئێمە ی كوردیش بە هۆی كێشە كانی لە مێژینە ی قە بیلە یی و نە بوونی بە رنامە یە كی دروست و یە ك لایە نە ی مە ملە كە ت داری نە مان توانی لە و بۆشاییە ی كە لە كۆتایی شە ری یە كە می جیهانی پێك هاتبوو، كە ڵك وە رگرین و ویستە كانمان دابین بكە ین. لە ئاكام دا و بۆ وێنە شۆڕشە كانی شێخ محمود بە رزنجی و شێخ ئە حمە د بارزانی لە لایە ن هێزی هە وایی بریتانیا لە عێڕاقی ئە مڕۆدا لە خوێن گە وزێندران. لە كوردستانی توركیە ئاخرین ڕاپە ڕین و بە رنگاری بە ڕێبە ری سە ید ڕە زا دێرسیمی تا پێش دە ست پێ كردنی شە ری دووهە می جیهانی لە لایە ن ژێنڕاڵە ئە تا توركیە كان سە ركوت كرا. لە ئێران ڕێبە ری بە توانای كورد سمایل ئاغای سمكۆ لە لایە ن ڕە زاخانە وە بە فێڵ و تە ڵە كە تیرور كرا.
بە رنگاری قارە مانانە ی بارزانیە كان بە ڕێبە ری هە ڵۆی بە رز فری كوردستان كە لە عێڕاقی تازە سازكراو دا، ڕاپە ڕیبوون، تا كۆتایی شە ری دووهە م دژی داگیركە رانی ئە نگلیس و ژێرپێ نانی مافە كانی گە لی كورددرێژە یان بە خە بات دا، بە ڵام ئە وان بە بومبارانی بێ ڕە حمانە ی هێزی هە وایی بریتانیا ئیتر توانای

بە ربە رە كانیان نە ما. لە گە ڵ ئە وە ش دا زۆربە ی ڕێبە رانی كورد لە ئێران یا لە لایە ن ڕە زا شا تێرۆر كرابوون و یان ئە وە كە لە سیاچاڵە كانی ڕێژیم، یان پە ڕیوە ی هە ندە ران كرابوون. بە كورتی ئە مە وە زعی گە لی كورد لە نێوان شە ڕی یە كە م و دووهە می جیهانی دا بوو. هە ر لە و كاتە دا نژادپە رستێكی وە ك هیتلە ر بە دروشمی "ژێرمە ن نژادی سە رترە" لە ڕێگای ڕاونانی بێ ڕە حمانە ی یە هودیە كان و هێرش بردن بۆ وڵاتانی دراوسێ وە ك لە هستان، شە ری دووهە می جیهانی هە ڵگیرساند كە ئێرانیش لە گە ڵ ئە وە ی كە بێ لایە نی خۆی ڕاگە یاند، لە ئاكامی ئە م شە ڕە بێ نسیب نە بوو. كە وابوو بە شێك لە گە لی كوردلە ئێران بە كە ڵك وە رگرتن لە تە جربە ی ڕابردوویە كی زۆر تاڵ لە كاتی ئە م شە ڕە و هاتنی هێزە هاوپە یمانە كانی دژی هیتلە ر بۆ ئێران و بە تایبە ت بە هۆی لێك هە ڵوە شانی سیستێمی زاڵم و دیكتاتۆری و دوورخستنە وە ی ڕە زاخان بۆ دورگە ی موریس، هە لیان لە دە ست نە دا وخۆیان سازمان دا. بە م شێوە هاوكات لە گە ڵ خە باتی دیپلۆماتیكی قازی محمد، ڕێبە ری بە توانای گە لی كورد، لە ڕێكە وتی 25ی گە لاوێژی 1321 (16ی ئوتی 1946) یانی یە ك ساڵ دوای داگیركرانی ئێران، یە كە م سازمانی سیاسی بە مانای ئە مرۆیی لە و بە شە لە كوردستان كە داگیر نە كرابوو، لە ژێرناوی كۆمە ڵە ی ژیانە وە ی كورد لە لایە ن 22 كە س لە كە سایە تی ناسراو و تێگە یشتووی ئە وكاتی مە هاباد پێك هات. نە یارانی (دوژمنانی) گە لی كورد لە م پێوە ندیە دا ڕایان دە گە یاند كە ئە و سازمانە گۆیا بە پێوە ندی گرتن لە گە ڵ حیزبە سیاسی یە كانی تری كورد لە بە شە كانی تری كوردستان وە ك "هیوا" و" خۆیبوون" لە هە وڵی پێك هێنانی كوردستانی گە ورە دان، بە ڵام ئە م ئیدعایە بە هیچ شێوە یە ك ڕاست نە بوو. و ئە و شێە كە ژێنراڵ حە سە نی ئە ڕفە ع لە كتێبە كە ی لە ژێرناوی تاریخ دا كۆی كردۆتە وە، ئیدعای ئیگلتۆن'یش كە كۆمە ڵە ی بە دە ست نیشاندە ی میرحاج یە كێك لە ڕێبە رانی هیوای كوردستانی عێراق دە زانیوە، درۆ دە خاتە وە. ئە مە ش یە كێك لە تۆمە تە كاتی مە ئموریكی بیانی بوو، كە تە نانە ت بە شێك لە كوردە كانی ئێمە ش باوە ڕیان پێ هێنابوو. حە سە نی ئە ڕفە ع دە ڵێ: ئە م سازمانە (كۆمە ڵە) سازمانێكی بە تە واوی ناوچە یی بوو و هێچ پێوە ندی، یان هاوپە یمانیە كی، لە گە ڵ سازمانی هیوا لە كوردستانی عێراق یا خۆیبوون نە بوو. (گلمراد مرادی یک سال جمهوری کردستان بە زبان صلمانی) . كە وابوو كاتێك ژێنراڵ ئە ڕفە ع سە رۆكی ستادی ئە رتە شی شاه بە م ڕوونی یە، ئیعتراف بە وە دە كا، ئێمە چۆن دە توانین بە و جۆرە تۆمە تانە باوە ڕ بكە ین. لە هە ر حاڵ دا، كۆمە لە بە هۆی نە بوونی تە جربە یە كی زۆر و هە روە ها نە بوونی بە رنامە یە كی ڕێك و پێك نە یدە توانی ویستە كانی گە لی كورد لە گە ڵ دە وڵە تی ناوە ندی بێنێتە بە رباس. بە م هۆیە و هە روە ها چە ندین هۆكاری تر، ڕێبە رانی كۆمە ڵە زۆریان حە ز لە وە بوو كە ناسراوترین و بە نفوزترین كە سایە تی مە هاباد، یانی نە مر قازی محمد بۆ سە رنج ڕاكێش كردنی هە رچی زیاتری خە ڵك و عێل و عە شیرە و بە ئاشكراكردنی كاروتێكۆشانی خوێان و بە رزكردنە وە ی ویستە كانی گە لی كورد بۆ بە ردە م دە وڵە تی ناوە ندی، سە رنجی بۆلای ئە م سازمانە ڕابكێشن و داوای لێ بكە ن كە بە شداری لە و سازمانە دا بكا. سە رانی كۆمە ڵە ئە وە یان بۆ دە ركە وتبوو كە بە شێك كە لە هێزی كانی موتتە فیقین و فە رماندە نیزامیە كان پێشنیارە لە جێ و بە رحە قە كانی قازی محمدیان لە كاتی دیادر لە گە ڵ ئە و دا، ڕە ت كردبوونە وە و قازی محمدییش لە وان ناهومێد ببوو و هە روە ها بۆیان دە ركە وتبوو كە ئە و فە رماندە و دە وڵە تە كانیان بە هیچ شێوە یە ك نایانە وێ دوست و ڕزگارە دە ری گە لی كورد بن. لە حاڵێكدا بە شێك لە ڕێبە رانی كۆمە ڵە بڕوایان بە وە بوو و لە ڕۆژنامە ی نیشتمان'یش دا ئاماژە یان پێ كردبوو، هە ر بە م هۆیە وە ڕە زایە تی قازی محمد بۆهاوكاری لە ڕیزە كانی كۆمە ڵە یاندا بە سە ركە وتنێكی گە ورە دە زانی

1. ڕۆڵی قازی محمد و ڕێبە رانی تری كورد لە م ڕاپە ڕینە دا

لە م پێوە ندیە دا بیرمە ندانی كورد بە هۆی ڕۆڵی قازی محمد كە هە ر لە سە رە تای هاتنی هێزە هاوپە یمانە كان بۆ ئێران لە هە وڵ و كۆشش دابوو و وە ك ڕێبە ری گە لی كورد بە بێ ئە وە كە ئە ندامی هیچ سازمان و حیزبێكی سیاسی ببێ، هە وڵی دابوو كە لە گە ڵ بە رپرسانی نیزامی ئە و وڵاتانە بكە وێتە وت و وێژ، جێگای سە رنج بوو. پێویستە ئاماژە بە وە ش بكرێ كە قازی هە موو لایە نە كانی لە بە رچاو بوو، دە یە ویست كە ویست وداخوازە كانی گە لی كورد بە تایبە ت لە گە ڵ بە ر پرسانی نیزامی ئە مریكا و ئە نگلیس بێنێتە بە رباس، چونكە ئە وان نفوزی زیاتریان لە سە ر حكومە تی ناوە ندی ئێران هە بوو، بە ڵام بە داخە وە ئە وان بە لایانە وە گوێ گرتن لە حكومە تی ناوە ندی باشتر بوو تا ویست و داخوازە كانی گە لی كورد و گە لانی دیكە ی ئێران. لە گە ڵ ئە وە ش دا شە خسی پێشە وا لە تە ماس لە گە ڵ موتە فیقین و حكومە تی ناوە دی لە تاران بێ خە م نە بوو و دە یە ویست كێشە ی كورد لە ڕێگای وت و وێژی ئاشتیانە و لە چوارچێوە ی ئێران چارە سە ر بكرێ. لێرە دا ئاماژە

بە هە ولێکی پێشە وا و دژکردە وە ی حکومە تی ناوە ندی جێگای تایبە تی خۆی هە یە. کاتێک قازی محمد لە گە ڵ سە یفی قازی لە ڕێکە وتی 16ی ئۆکتۆبری 1944 یانی دە مانگ پێش پێک هێنانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و یا بە واتایە کی تر گۆڕینی ناوی کۆمە ڵە بۆ حیزبی دێموکڕات، بو وت و وێژ لە گە ل حکومە تی ناوە ندی سە ردانی تارانیان کرد، ئە و جۆرە کە بە رپرسی ستادی ئە رتە ش ژێنراڵ حە سە نی ئە ڕفە ع نووسیویە تی، ئە وانیش بە ڕێنوێنی سە دری قازی برای قازی محمد کە ئاشنایی لە گە ڵ ئە ڕفە ع هە بوە، سە ردانی بە رپرسی ستادی ئە رتی ش دە کە ن. هە ر بە پێی ئیعتڕافی بە رپرسی ستاد، سادە ترین ویست و خواستی قازی محمد کە هێنانی سە رکاری کرمە ند و مووچە خۆری کورد لە جیاتی فارس لە کوردستان بوە، بۆ حکومە تی مە رکە زی و ئە م ژێنراڵە لە ڕادە بە دە ر زیاد و جێگای قبووڵ نە بوون!! (ئە رفع تاریخ کرد)

لە ڕاستی دا ئە م ڕە فتارە ی حکوومە تی ناوە ندی و ڕێژیمی شاە جۆرێک تە حریکی کوردان بوو کە دژکردە وە یە ک نیشان بدە ن تا ئە وان بە هانە یە کیان بۆ هێرش بۆ سە ر کوردستان و سە رکوتی کوردە کان یان شکایە تی کوردە کان لە لای هێزە کانی موتە فیقینە وە بە دە ست کە وێ. گە ڕانە وە لە م سە فە رە بێ ئاکامە، بە رابە ر بوو لە گە ڵ سووربوونی کوردە کانی ئێران لە سە ر ویست و داخوازە کانی خۆیان. ئە وجۆرە کە سە رکۆنسوڵی ئە نگلیس لە تە وریز نووسیویە تی، سە رە تای ساڵی 1945 کوردە کان بە تە واوی کۆنتڕۆڵی شوێنە گشتیە کانیان بە دە ست گرتبوو. یانی لە ڕاستی دا ئە و ناوچانە ی کە لە لایە ن هێزی بیانی یە کان داگیر نە کرابووو، ئە منیە ت لە لایە ن کوردە کانی وە دابین کرابوو و شارە بانی و ژاندارمری هیچ کارە بوون. ئە مە خۆی زە مینە ی ئاڵ و گۆڕی سیاسی پێک هێنابوو. بە م شێوە لە 25ی گە لاوێژی 1324 واتە 16ی ئوتی 1945 یانی لە سێهە مین ساڵڕۆژی دامە زرانی کۆمە ڵە دا لە ڕێگای بە یاننامە یە کی ئیمزاکراو لە لایە ن 72 کە س لە کە سایە تیە کانی مە هاباد و دە وروبە ری و بۆ وێنە قازی محمد و ڕێبە رانی کۆمە ڵە، دامە زرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانیان بە ڕە سمی ڕاگە یاند و قازی محمدیش کە بە نفوزترین کە سایە تی مە هاباد بوو، ڕێبە ری ئە م حیزبە ی بە ئە ستۆوە گرت. کە سایە تی و ڕۆژنامە نووسانی ناوخۆیی و دە رە کی کە لە و کاتە دا سە ردانی پێشە وایان کردوە و یان ئە وە کە لە پێوە ندی بە ڕێزیان دا، شتیان بیستوە، چ دۆست و چ دوژمن، هە موویان لە شوێنێک یە ک دە گرنە وە، ئە ویش ڕ فتار و شە خسیە ت و ژیری پێشە وای نە مرن. بۆ وێنە کریس کۆچیرا، لێکۆڵینە ر و ڕۆژنامە نووسی فە ڕانسە وی (نە سڵی دوای پێشە وا) لە پێوە ندی دە گە ڵ کە سایە تی بە رزە پێشە وا (بە نقل قول لە دوکتور رحیمی قازی) بە م جۆرە دە نووسێ:لە نە زە ئە یدئۆلۆژی، قازی محمد نە مارکسیست بوو، نە سوسیالیست و نە لیبڕالیست، بە ڵکوو ڕێبە رێکی ژیر و بە توانای ڕاپە ڕینێکی ڕزگاری دە ر و میللی بوو. قازی نیشتمان پە روە ر و ڕێبە رێکی پێشکە وتوو بوو. ڕۆژ لە گە ڵ ڕۆژ لە مارکسیستە کان ننێزیک دە بۆوە و تا ڕۆژی ئێعدام کردنی لە سە ر ئە و بڕوایە بوو کە یە کێتی شۆڕە وی دۆستی کوردە کانە. (جنبشهای ملی کرد)

هە ر ئە و کاریزما و تایبە تمە ندیانە ی پێشە وا زە مینە ی پێک هێنانی کۆماری کوردستانی ئامادە کرد. بە ڕای من ئە گە ر کۆمە ڵانی گە لی کورد بە ئە ندازە ی یە ک لە دە ی ئە مڕۆ ئاگایی سیاسی-کۆمە ڵایە تیان بوایە و بە تایبە ت هە ستی نە تە وە یی بە رینتر بوایە، بە ئە و دە سکە وتانە کە ئە م کۆمارە لە ماوە ی تە مە نی کورتی خۆی دا بە دی هێنان، دە یتوانی ئێستاکە ش لە سە ر پێ بمێنێ. پێشە وا لە ئامۆژگاریە دە مادە ی خۆی دا بۆ گە لی کورد دە ڵێ: تا ئێوە یە ک نە گرن، هە رگیز سە رناکە ون.. ..

2. دە سکە وتە کانی کۆماری کوردستان

دە سکە وتە کانی کۆماری کوردستان لە مێژووی گە لی کورددا کە ئە مڕۆ تە نیا دە توانین لە کوردستانی عێراق بیان بینین، لە کاتی دامە زرانی کۆمار دا بێ وێنە بوون. بۆ وێنە: پە روە ردە و فێرکردن بە زمانی زگماکی، کاروباری ئیداری بە دە ست هە ڵسووڕێنە رانی کورد، هە وڵ دان بۆ بە خوێندە وارکردنی ژنان و هە ڵێنانی، یە کی م هە نگاوە کان بۆ ئازادی ژن، هە وڵ دان بۆ بە رە و پێش جوونی و باش بوونی ژیانی ئابووری خە ڵک سە رە ڕای گە مارۆی ئابووری و بە ستنی تە واوی ڕێگاکانی هێنانی خواردن و خۆراک و پێداویستییە کانی خە ڵکی کوردستان لە لایە ن حکومە تی ناوە ندی، پاراستنی ئێمنی و ئاسایش لە ناوچە ی ژێردە سە ڵاتی دا، ئازادی بە یان و چاپە مە نی و.. . بە رچاو بوون. سە رە ڕای تە واوی ئە و گوشارانە ی کە دە خرایە سە ر ئە م حکوومە تە ناوچە یی یە، ئە ویش لە و کاتە ناسک و لە م ماوە کورتە دا (11 مانگ) و سە رە ڕای هێندێ گێرە شێوێنی ناوخۆیی کە لە دوایی دا ئاماژ یان پێ دە کە م، ناکرێ چاوە ڕوانیە کی زیاترمان لە وە ببێ.

3. هۆکاره کانی تێکچوونی کۆماری کوردستان

ده کرێ ئاماژه به زۆر هۆکار (علل) بۆ شکستی ئێمه ی کورد نه ته نیا له کۆماری کوردستان به ڵکوو له زۆر ده وره ی تر دا باس بکه ین. بۆ وێنه نه بوونی یه کێتی له نێوانمان دا، شاره زانه بوون به هێندێ مه سه له ی حه ساس وه ک سستی بیری نه ته وه یی، زانیاری خاو و که م له مێژووی ڕاپه ڕینه کانی کورد، بڕوا و متمانه کردن به دوژمن، خێڵایه تی و عه شیره گه رایی، به هێندگرتنی قازانجی فه ردی به سه ر قازانجی میللی و کۆمه ڵایه تی و ده ست کورتی له بواری پێگه یاندن و به ره و پێش چوونی بواری فه رهه نگی و.. .. سه ره ڕای ئه وانه ش فێڵ و ته ڵه که ی دوژمنان و هه وڵ دانیان بۆ به زنجیرکێشانی ئێمه نابێ له بیر بکه ین. هه ر به م هۆیه شه وه یه که پێشه وا له وه سیه ت نامه که ی دا پێ له سه ر هه وڵ دان بۆ په روه رده و فێرکردن و یه کێتی کورد و دووری کردن له به خیلی و حسوودی و خه یانه ت و جاشایه تی داده گرێ.

ئه گه ر به دڵێکی پڕ له خوێن باسی نه زانی و له ئاکام دا فرسه ت ته ڵه بی خۆمان ده که م، نموونه ی زۆرمان له مێژووی خۆمان دا دیتوه. کاتێک که بۆ وێنه هێندێک له سه رۆک عه شیره ته کان به خاتری پۆستی فه رمانداری شاریک یان ناوچه یه ک و یان به خاتری هه دیه یه کی وه ک تفه نگێکی ڕاوچیه تی به ئیمزای سوڵتان وله سه ر هه ڵقه نرانی وێنه ی پرێنسسێک ئاماده ده بوون، ڕێبه رایه تی ڕاپه ڕینی خه ڵک بده نه ده ست بێگانه، شتێکی ئاشکرایه که ئه م سه رۆک عه شیره نه به هۆی خه یانه ت، به ڵکوو به هۆی نه زانی له ڕاده به ده ر، هیچ بیری له ئاکامی کرده وه که ی خۆی نه کرتدۆته وه و نه یزانیوه که چ زیانێک به خۆی و گه له که ی ده گه یه نێ! نموونه ی ئه م جۆره کرده وانه زۆرن. ئه و جۆره که له مێژووی تاڵێ ئێمه دا هاتوه، بو وێنه، له سه ده و نیوێک پێش ئێستا، هه ڵس و که وتی عیزه دین شێر له به رانبه ر مامی خوی، ئه میر به درخانی به دلیسی و هاوکاری ئه و له گه ڵ سوڵتانی عوسمانی. نێزیکه ی 75 ساڵ دوا ترئیش ڕه فتاری برای شێخ مه حمود به رزنجی و بابکره کوێر و نموونه ی ئه وانه له به رانبه ر ڕاپه ڕینی شێخ مه حمود و هاوکاری ئه وان له گه ڵ ئه نگلیسیه کان. نێزیک 20 ساڵ دواتر ڕه فتاری عه شایری دێبوکری و شکاک و مامه ش و هه رکی و.. . که به ڕواڵه ت هاوکاری کۆماری کوردستان و قازی محمد بوون و وایان نیشان ده دا که له خزمه ت ویست و داخوازه کانی گه لی کورد دان و کاربه ده ستیش بوون، به ڵام به داخه وه به دزی له گه ڵ ڕێژیمی تاران نامه یان ده گۆڕیه وه و خۆیان به نۆکه ری ده ربه ستی ده رباری شاه ده ناساند و ئاماده ی هه ر چه شنه هاوکاریه ک له گه ڵ دوژمنان بوون. ده کرێ ئه م جۆره کرده وانه ناوی چیان له سه ر بنێین؟ جیا له نه زانی و نه زان کاری، ده کرێ ناوێکی تری له سه ر دانێین؟! به بێ شک زۆربه ی ئه وانه ته نانه ت مانای وشه ی خه یانه تیشیان نه زانیوه و ئه گه ر به جۆرێک تێ گه یه ندرابایه ن که ئه م کرده وه ی ئه وان خه یانه ت به خۆیان و گه له که یانه، هه رگیز ئاماده ی خۆش خزمه تی به دوژمنان نه ده بوون. هه ر ئه م کرده وانه زه مینه ی شکستیان بۆ هه موو ڕاپه ڕینه کان و بۆ وێنه کۆماری کوردستان پێک هێنابوو و ڕێبه رانی به توانای ڕاپه ڕینه کانیان دایه ده ست دوژمن. به هۆی ئه وه که دوژمنان ئاگاداری نفوزی به هێزی ئه و ڕێبه رانه له ناو کومه ڵگای کورده واری دابوون و له گه ڵ ئه وه ی که هێج ده لیلێکیان بۆ مه حکووم کردنی ئه وان له ده ستدا نه بوو، به ڵام له ترسی نفوزی مه عنه وی ئه م ڕێبه رانه و به ده ستووری ئه ڕبابه کانیان و بو به ڕواڵه ت، چاو ترسێن کردنی گه لی کورد، ده بوو ئه وان له تاران ڕا و به ده ستووری ڕاسته و خۆی شاه به ئێعدام مه حکووم بکه ن و مه ئموریه ت بده نه چه ند ئه فسه رێک ناسیونالیست که وه ک قازی و دادستان هه رچی زووتر بگه نه کوردستان و مه هاباد و ئه م ده ستووره به خێرایی به جێ بگه یه نن.

ئه و جۆره ی که به ڵگه نامه کان نیشان ده ده ن، له گه ڵ هه یئه تی به ڕواڵه ت دادگایی کردنی قازیه کان که سێک به ناوی سه روان که یومه رسی ساڵح که خوشکه زای سپێهبود جه م مێردی خوشکی شاه بوه، و جێگای متمانه و بڕوای ده ربار بوه، بۆ ئاماده کردنی ڕاپۆرتی مه حره مانه ی دادگاه وه ک هه واڵنێری گۆڤاری ئه رته ش ڕه وانه ده که ن. ئه مرۆ که دوای په نجاونۆ ساڵ هێندێک له ئه سراری ئه و دادگایه که وتۆته ده ر. له ڕاستی دا باس کردن و دووباره کردنه وه ی ئه م به ڵگانه خه فه ت هێنه رن، به ڵام به پێویستیش ده زاندرێن. لێره دا ئاماژه به هێندێ له نه زه راتی ئه م سه روانه له پێوه ندی ده گه ڵ سه رۆک عیل و عه شیره ته کان ده گێڕمه وه < ئه م هه واڵنێره له ژمهره 44تا 64 ی ئه م مانگه نامه دا ڕووداوه کانی ساڵه کانی 1943تا 1946 ی کوردستان و ئازه ربایجانی به دوورودرێژی باس کردوه وهێندێ به ڵگه ی گرینگی ئاشکرا کردوه و به شێکیشی بایگانی کردوه. له زۆربه ی مانگه نامه که دا نامه ی وه فاداری و دڵسۆزی سه رۆکی عه شیره ی دێبوکری عه لی یار ئه سعه د و سه رۆکی عه شیره ی مامه ش قه ره نی ئاغای عه شایر و ڕه شیدبه گ هه رکی و حه سه ن تیلو

و قوقیاس مامه دی و نوری به گ به گزاده و حه مه د ئه مین چه پی هه رکی و هه مزه ی قادری مامه ش و.. .. بۆ شاه و ده ربار بڵاو بوونه وه یان له ئاڕشیوی ئه رته ش دا بایگانی کراون. به ڵام له هه مووی سه یرتر پێوه ندی عومه رخانی شکاک به ده رباری شاوه یه که له م ماوه دا که عومه رخان ئه میری له شکری کوردستان له سه قز و ده وروبه ر بوه، نێزیک به 17 نامه ی بۆ دڵنیایی ده ربارو بۆ نیشان دانی دڵسۆزی بۆ شاه ڕه وانه کردوه و خۆی وه ک سه ربازی ده رباری شاه و به ڕێوه به ری ئه مرو فه رمانی ئه و ناساندوه. ئه و نامانه له حاڵی حازردا له ئاڕشیوی ئه رته شی ئێران پارێزراون.

جێگه ی فکر کردنه که سه رداری دێبوکری عه لی یار له یه کێک له نامه کانی دا چۆنیه تی ڕۆیشتنیان له گه ڵ قازی محمد بۆ باکۆ و ئازه ربایجانی ڕوسیه و کۆبوونه وه کانیان به ته واوی بۆ شاه ده گێڕێته وه. سه روان ساڵح له پێوه ندی ده گه ل سه رۆکی عه شیره کان له کۆماری کوردستان دا ده ڵێ که ئه وان، که سانی بنه ماڵه ی خۆیان و نێزیکترین که س وکاریان بو متمانه پێ کردنی شاه وه ک بارمته (گروگان) له گه ڵ نامه کان ده نارد. ده توانین بڵێین که هه ر ئه م نه زانی و دواکه وتووییه، هۆکاری تێکشکانی کۆمار بوون نه ک ئه وه ی که دوژمنان ده ڵێن به هۆی چوونه ده ری هێزه کانی شوره وی له خاکی ئێران. ئێمه به ڕاستی ده بێ له م مێژوه تاڵه به باشترین شیوه ته جربه وه رگرین.

4. دادگایی وئێعدامی قازیه کان له سه ر چ بنه مایه ک به ڕێوه چوو؟

به داخه وه کاتێک 25 ساڵ له مه و پێش بو کاری لێکۆڵینه وه له ئێران بووم، ده ستم به و به ڵگه نامانه ڕا نه گه یشت که ئه مرۆکه له پێوه ندی ده گه ڵ دادگایی کردنی فه رمایشی قازیه کان خراونه ده ر. گه رچی ده ستم به زۆر به ڵگه نامه ی وه زاره تی ده ره وه ی ئه نگلیس له پێوه ندی ده گه ڵ زوڵم و زۆری حکومه تی ناوه ندی له ئێران به رانبه ر به کورده کان ڕاگه یشت و له کتێبه که م دا ئاماژه م پێ کردوون، به ڵام ئه م ڕاپۆرته ی سه روان ساڵح له باره ی ئێعدامی قازیه کان شتێکی زۆر کامڵه و به باشی ڕووی دزێوی (زشت خوی) ڕێژیمی شاه و حکومه تی سه ر به بێگانه ده ر ده خات. ئه م ئه سناده ده ری ده خه ن که چ زوڵمێک له قازی محمد که به ڕاستی له قه بی گاندی ڕۆژهه ڵاتی ناوه ڕاست شیاوی بوو، کراوه. ئیجازه م بده ن که لێره دا ئاماژه یه ک به ڕه وتی دادگایه که ش بکه م هه ر چه ند ڕه نگبێ بۆ به شێک له به شداربوانی خۆشه ویست شتێکی تازه نه بێ، به ڵام پێم وایه دووباره کردنه وه یان به قازانج بێت. سه روان که یومه رس ساڵح له باره ی دادگای پێداچوونه وه دا ده نووسێ:

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر دادگاییکردنی قازییەکان، ئینجا لە ستادی ئەرتەشی ئێران، دەستەیەك بۆ دووبارە دادگاییکردنەوەی قازییەکان لە مانەی خوارەوە دەسنیشان کران:

1- سەرهەنگ ڕەزا نیکوزادە، دادستان
2- سەرهەنگ ڕەجەب عەتا، سەرۆکی دادگایی دووبارە پیاچوونەوە
3- سەروان حوسێن سوڵحجو
4- سەروان نەبەوی وەك پارێزەر بۆ قازییەکان دەسنیشان کرابوو.

لێرەدا هەواڵنێر کیومەرس دەنووسێ: "لەگەڵ ئەوەی کە تاوانبارەکان (قازییەکان) بە وردی بەرگریکردن و ڕەددانەوەی خۆیان بۆ ئەو تاوانانە لە 114 لاپەڕەدا لە جاری یەکەم دابوو بە دادگای پیاچوونەوە و داوای سەلماندنیان کردبوو، داواکەیان بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ لە دادگای مەیدانی ستادی ئەرتەش دانرابوو، چۆن لە مەهاباد داخرابوو مۆر کرابوو، هەر بەو شێوەیە مایەوە و هیچ کەس ئامادە نەبوو تەنیا بیکاتەوە یاخود بیخوێنێتەوە". هەروەها لەکاتی هاتنی دەستەی دادگایی لە تارانەوە بۆ مەهاباد، ئەم داواکارییەی بەرگریکردنیان لەگەڵ خۆیان بۆ نەهێنابوون تا لانیکەم لەکاتی دادگاییکردنی دووبارەشیاندا پێیان بڵێن ئەوانەمان قەبووڵ نییە. چونکە قازیه کان دڵنیا بوون له و به رگری نامه یه دا که ئاماده یان کردبوو، بێ گوناحی ئه وان ده سه لمێندرێ. به ڵام دیار ببوو که حوکمی تاوانباری ئه وان له تاران ده رچوو بوو. قازیه کان پێیان وابوو هه رکامه ی چه ند ساڵیک له زیندان ده مێننه وه و دوایی ئزاد ده کرین، به ڵام به م ژۆره ی لێ نه هات.

له درێژەی نووسینەکەیدا کیومەرس دەنووسێ دەستەی پیاچوونەوەو دادگایی کردنەوەی قازییەکان لە لایەن ستادی لەشکرەوە دەسنیشان کران و بە شای ئێرانیش ناسێندران. شاهەنشاه هەندێ ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی

کردن کە بە هیچ شێوەیەك نابێ شك و گومان لە دادگادا نەکەن و بەردەوام پێوەندی بێتەلیان دەگەڵ ستادی ئەرتەشدا بەرقەرار بێت.

دەستەی دیاریکراوی دادگا لە رۆژی 4. 1. 1325 (1326 دروستە) لە تارانەوە بەرەو تەورێزو لەوێوە بۆ میاندواوو مەهاباد وەرێ کەوتین. رۆژی 7. 1. 1325 (1326دروستە) گەیشتینە شوێنی مەبەست و شەوێك لە پادگانی مەهاباد پشووماندا. بەیانی دادگا دەستپێکرد. سەرەتا قازی محەممەدیان هێنا و دەستکرا بە پرسیارلێکرنی کە تاوانەکانی هەمان ئەو 12 مادەیەی پێشوون کە لەلایەن دادگای نیزامی سەحرایییەوە جاری پێشتر رووبەرووی کر بوونەوە و قازی محەممەدیش جگە لە سێیانیان نەبێت، هەموو ئەوانی دیکەی بە توندی رەدکردەوە. قازی محەممەد دووبارە بۆ سەلماندنی تاوانەکانی دادگا، داوای بەڵگەی دەکرد. لە تەواوی کاتی خوێندنەوەی تاوانەکان و بەرگری لەخۆکردندا قازی محەممەد زۆر ئارام و لەسەر خۆ بوو. زۆر بەرێزو بە هێمنییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دادگای دەدایەوە. بەهۆی پێداگرتنی قازی محەممەد لەسەر رەدکردنەوەی تاوانەکانی دادگا، دادستان بە سەر قازیدا نەڕاندی و زۆر بە تووڕەیی قسەی لەگەڵ کرد. قازی محەممەدیش کاردانەوەی بە تووڕەبوونی خۆی نیشانداو بە زمانی فارسی بە دادستانی وت: "شما هم خورده دیگران را نشخوار میکنید! شما اگر دین ندارید و خدا را هم نمیشناسید و ایمان بحساب و کتاب صخرت ندارید، لااقل زرەای جوانمرد باشید!" پێی گوت ئەم هەموو درۆو بوختانەتان چۆن بۆ من درووست کردووە; ئەگەر راست دەکەن بەڵگەیەك بخەنەڕوو!".

لەبەرئەوەی ئەم قسانە ی قازی بۆ ئە وان ئیهانەتێکی گەورە بوو، دادستان بە م قسانە ی قازی زیاتر توڕە بوو و بە مست لە سە ری خۆی دا و بە قازی محەممەدی گوت: "کوردان سەگ سفەت!". بەڵام تووڕەیی و هەڕەشەی دادستان کاری لە قازی نەکرد، بەڵکوو بە پێچەوانەوە زیاتر بەڕووی دادستان هەڵپڕژا و پێیگوت: "سەگ و بێشەرەف و بێئابرو ئێوەن کە هیچ سنوورێك بۆخۆتان و بۆ خەڵك و یاسا دانانێن; ئاخر بێشەرەف، ئەتۆ هەر دەتوانی برپارێك کە ئەو بێشەرەفەکەیتر داویەتی، جێبەجێ بکەی! لەوە زیاتر هیچ هەڵەیەکیتری لەدە ستدا نییە! من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە و بە باوەشی ئاواڵەوە ئەوەی کە بێتاوانم و لە رێگای ئازادی میللـەتەکەمدا دەکوژرێم، ئەمە بە رەحمەت لەلای خودا بۆ خۆم دەزانم. شانازی بەو مەرگ و مردنە مەردانەیە دەکەم!".

دوای تەواوبوونی قسەکانی، قازی محەممەد برپاریدا ئیتر هیچ قسەیەك نەکات و وەڵامی هیچ پرسیارێکی دادگا نەداتەوە. قازی سوێندی خوارد وەڵام نەداتەوە و گوتی ئەم نامەردە هەر غەڵەتێکی دەیکا، با بیکا.

دادستانیش بۆئەوەی قازی محەممەد بێتەوە سەرەخۆی و بەڵکو لە برپارەکەی پاشگەز بێتەوە، کاتی پشوودانی دادگاکەی راگەیاند دوای پشوودان زۆریان هەوڵ و تەقەللادا کە وەڵامی پرسیارەکانی دادستان سەرهەنگ نیکوزاد بداتەوە، بەڵام قازی محەممەد گوتی: "کە ئێستا برپار وایە من لەسێدارە بدرێم، ئەمە بەخاتری ئەو سۆزو بەڵێنەیە کە من بە میللـەتەکەم داوە، برپارم داوە لەگەڵ گەلەکەمدا بژیمو بۆ ئەوان بمرم. تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم و سوێندێك کە خواردوومە بشکێنم بەهۆی ئەو هەموو بێشەرەفیەی سەرهەنگ کە خۆی کراوە دادستان، من ئامادە نیم وەڵامی ئەو کەسە بدەمەوە، مەگەر کەسێکیتر پرسیارم لێبکات!".

کاتێك روونبۆوە قازی محەممەد ئامادە نییە قسەبکات، دەستەی دادگا کەوتنە راگۆڕینەوە لە نێوان خۆیان. ناچار برپاریاندا لە شوێنی سەرهەنگ نیکوزاددا، سەرهەنگ رەجەب عەتایی کە سەرۆکی دادگا بوو، بوو بە دادستانی دادگا. پرسیارەکانی دووبارە لە یەکەمەوە دەست پێ کرایەوە. قازی محەممەدیش هەموو ئەوانی رەدی کربوونەوە، رەدی کردنەوە. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی بەبێ ئاخاوتن لەگەڵ حکومەتی ناوندی گرێبەندی بازرگانی نەفتیان لەگەڵ روسیەدا بەستووە، قازی پێکەنی وگوتی:"کامە نەفت? ئێمە کام بیرو کۆمپانیای نەفتمان لەبەردەست بووە، تا بازرگانی پێوە بکەین? سەیرە، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بە نارەوا تاوان بدەنە پاڵ ئێمە، تاوان و بوختانێکمان بۆ درووست بکەن کە لانیکەم وێ بچێ! رەنگە ئێوە ئاوی ئەم رووبارە کە بەناو شاری مەهاباددا رەتدەبێ بە نەفت بزانن? بەڕاستی ئێوە زۆر نەزانانە و بێسەروبەرانە ئەو هەموو تاوانەتان بۆمان هەڵبەستووە کە هیچ کامیان ئەساسیان نییە!".

ئەوجا سەرهەنگ عەتایی یەکە یەکە پرسیارەکانی دووبارە پرسینەوە و قازی محەممەدیش هەروەك پێشتر هەموو تاوانەکانی دووبارە رەدکردنەوە. لەو کاتەدا دیسان سەرهەنگ نیکوزاد کە دادستان بوو و قازی محەممەد زۆر بە توندی بەرامبەری وەستابوو، وەکو مار خۆی دەخواردەوە، پارچە قوماشێکی لە جانتاکەی دەرهێنا کە رەنگی سوورو سپیو سەوز بوو و چەکوچ و داسێکی لەسەر کێشرا بووە وە و بە قازی محەممەدی گوت: " ئەدی

هەموو حکومەت و پەرچەم و تەشکیلاتت ئەوە نییە!؟". قازی محەممەد لە بەرامبەر ئەم کردەوەی سەرهەنگدا وتی: "یەکەم جار، ئەمە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە و نەبووە، چونکە ئاڵای ئێمە چەکوچ و داسی تێدا نییە! دووەم، ئەم هەڵسووکەوتەتان نیشانەی کە م عەقڵی و بێشعوری تۆ دەگەیێنێ! دڵنیا بن، ئاڵای کوردستان، ئێوە دەستتان پێی ڕاناگا بێحورمەتی پێبکەن! ڕۆژێکیش دێ لەسەر ئەوە خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم، ئاڵای کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە!! ئاڵای کوردستانم وا بە مەلا مستەفا بارزانی سپاردووە و لەسەر شانی ئەو، لەو چیا بۆ ئەو چیا و لەو شار بۆ ئەو شار و لەو وڵاتە بۆ ئەو وڵاتەی دەبا، تا ڕۆژێك لە تەواوی بەرزایی و بڵندایییەکانی کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە! دڵنیا بن، ئەو ڕۆژە دێ!!".
ئینجا سەرهەنگ داوای لە قازی محەممەد کرد: "هەرچەند ئەم بابەتە لە دەرەوەی بەرنامەی ئیشو کاری دادگایە، بەڵام ئەگەر بکرێ، هەندێ تایبەتمەندی و خووڕەوشتی مەلا مستەفا بارزانیان بۆ باس بکات! چ وەك بیرو باوەڕو بۆچوونی خۆی یان وەك خووڕەوشت و ئاکاری خودی بارزانی قازی محەممەد گوتی: "لە مەلا مستەفا بارزانی بگەڕێ، تۆ خۆت وتت کە مەلا مستەفا کەسێکی بیانییە و ئەمە لە دەرەوەی ئیشوکاری دادگایە!". بەڵام دیسان سەرهەنگ داوای لێکرد. قازی محەممەد گوتی: "ئەگەر بە تەواوی باسی مەلا مستەفات بۆ بکەم، لەوانەیە بڵێی لایەنگیری و خۆشەویستی و دەمارگرژی کوردانە، گرتوویەتی".
سەرهەنگ عەتایی سوێندی بۆ خوارد کە من بڕوام بە ڕاستگۆیی تۆ هەیە! هەر لەو دادگایەدا بۆم ڕوون بۆتەوە کە هەرچی وتوتە و دەیڵێی، لە ناخی دڵتەوەیە و بە باوەڕەوە وتوتە!"
ئینجا قازی محەممەد گوتی: "من ناتوانم هەموو تایبەتمەندییەکانی بارزانی بۆ ئێوە باس بکەم. ئێوەش هەرگیز ناتوانن بارزانی بەتەواوی بناسن; ئەگەر منیش بڵێم، ئێوە هەرگیز پەسندیناکەن کە دوژمنتان بەو هەموو کردەوە و تایبەتمەندییە باش و جوانانەوە بناسن و لە ڕێزی دوژمنایەتی ئێوەشدا بێت!".
دادستان هەڵیدایێ و داوای لێکرد کە بە ڕادەی زانیاری خۆی مەلا مستەفایان پێبناسێنێ،
قازی محەممەد دیسان پێی لەسەر ئەوە داگرتو گوتی نە من و نەکەس ناتوانێ بارزانی وەك خۆی بە ئێوە بناسێنێ. حەزدەکەم لەو باسە بگەڕێین!". بەڵام دیسان داوایان لێکرد بۆیان باس بکات قازی محەممەد وتی باشە، بەڵام تەنیا لە چەند ڕستەیەکدا دەتوانم بڵێم مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەی لە پیاوەتیو کەرامەت و شەرافەتو ئینسانییەتو شوجاعەتو نەبەزیو سەخاوەت و پیاوەتەو نەترسی لە مێژوودا کەسانی مەزن بووبێتیان، مەلا مستەفاش هەیەتی. ئەوەی موسڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕو ڕاستیو پاکیو دڵسۆزی بۆ خواو ئایین و خەڵکی هەژارو داماوی میللەت بوویانە، بارزانی هەموو ئەوانەی تێدایە; هەرووەکو سەعدی دەڵێ: "هر انچه خوبان همه دارند، او بتنها دارد" (صنچه خوبان همه دارند تو نهایی داری) . جاحەز دەکەن باوەڕبکەن وپێتان خۆش بێ یا حەزدەکەن پێتان ناخۆش بێ.
هەموو ئەوانەی لە دادگادا بەهەà بوون، سەریان لەو تاریفەی قازی محەممەد سووڕما. قازی محەممەد دیار بوو هەموو ئەو قسانەی لە ناخی دڵیەوە بە باوەڕەوە دەگوت و هیچ شك و گومان لەوەدا نەبوو ئەو تاریفانەی کە لە مەلا مستەفای کردن، نە بەخاتری دڵخۆشی مەلا مستەفا بوو و نە بەخاتری هەیئەتی دادگا.
عەتایی لێی پرسی ئەو هەموو توڕەییەتان لە جەنابی سەرهەنگ نیکوزادە چی بوو؟ چونکە ئێمە بیستوومانە لەم وڵاتەدا کەس بە ڕادەی تۆ لەسەرخۆو ئارام و هێمن نییە! قازی محەممەد گوتی من ئەو مافە بە کەس نادەم ئیهانە بە گەلەکەم بکات و ئێستا من لە پێناوی ئەو میللەتدا حوکمی لەسێدارەدانم پێدراوە; تازە من بەخاتری چی حازر بم ئیهانەی هەر خوێڕی و ناپیاوێك قەبوڵ بکەم!؟ من تەنیا (مقابلە بە مسل) وەڵامی ئەوم داوەتەوە، نە زیاتر! ئەمە کاری خوایە کە دەبێ خوێڕی و بێسەروپێیەك بێت و ئیهانە بە میللەتی کورد بکات. ئەمە لێهاتوویيو لێزانی ئێوە نییە! ئینجا من چم دەوێ تا قەبوڵی هەر بێحورمەتییەك بکەم؟ سەعدی دەڵێ: "هر انکس دست از جان بشوید، هر انچە درد دل دارد بگوید". ئەگەر من بەبێ نەزاکەتیم نەزانیبا، زۆریترم لە دڵدا بوو پێی بڵێم!
دیسان لێیان پرسی، ئایا دەکرێ بڵێی ئەو کاتەی لەگەڵ مەلا مستەفادا پێوەندیت هەبوو، مەلا مستەفا چی پێ ڕادەسپاردی، چ نەخشەیەکی بۆ ڕزگاریکردنی تۆ هەبوو!؟ لە وەڵامدا قازی محەممەد دەڵێ: "مەلا مستەفا بارزانی زۆری هەوڵدا من لەگەڵیدا بچم; تا نەخرابوومە بەندیخانەوە پێی وتم کە من دڵ بەبێتاوانی خۆم، خۆش نەکەم! مەلا مستەفا وێنەی ڕاستەقینەی ئێوەی عەجەمی بۆ کێشام و حاڵی کردم کە ئێوە چۆنن و چین و کێن!!".
سەرهەنگ عەتایی لێی پرسی: "دەکرێ بڵێی ئەو وێنەیەی لە ئێمەی بۆ کێشایتەوە چی بوو و چۆن بوو!؟" قازی محەممەد گوتی: "بەڕاستی مەلا مستەفا ئێوەی لە هەموو کەسێك باشتر ناسیوە! مەلا مستەفا پێی گوتم کە هیچ

گەل و میللـەتێك وەك عەجەم نییە; عەجەم کاتێك دەسەڵاتی هەبوو، لـە خۆی بێبەزەیی و بێویژدانتر و زاڵمتر نییە، بەڵام ئەگەر ژێردەست بوو، کەس ناتوانێ و نازانێ وەك عەجەم خۆی مەزڵوم بکاو بپاڕێتەوە. لـە کاتی بەهێزیشدا هەرچی لـەدەستی دێ، دەیکا و لـە کاتی بێدەسەڵاتیشدا بـە هەر چییەك خۆی دەربازکا، دەیکا; و دەڵێ، جا تۆ بـە هیوای ئەوە مەبە کە تاوانێکت نەکردووە، عەجەم لێت خۆش ببێ!".

دیسان سەرهەنگ عەتایی پرسی، پەشێمان نیت کە لـەگەڵیدا نەڕۆیشتی؟ قازی محەممەد وەڵامی دایەوە: "ئەگەر خوای گەورە ئەو شێوە مەرگەم بـە خۆ بەهیلاکدان دانەنێ، نا، پەشیمان نیم، چونکە بـە لێنم بـە میللـەتی کورد دابوو لـەگەڵیان بژیم و لـە پێناویاندا بمرم! دەزانم ئەگەر من ڕۆیبام و ئەمنتان نەکەوتایە بەردەست، دڵنیام کەسانی زۆرتان لـە خەڵکی مەهاباد و میللـەتی کورد بـە تۆڵەی من دەکوشت، جا بۆیە خۆشحاڵم بەوەی یەکەم کار من بێ تاوان دەکوژرێم، دووەمیش بـە بەڵێنی خۆم وەفام کرد و هیوادارم ڕووسووری دنیاو قیامەت بم لـەلای خوداو لـەلای میللـەتەکەی خۆم!".

پرسیار: ئایا کاتێك تۆ زیندانی بووی، بارزانی لـە دەرەوەی مەهاباد، هیچ نەخشەو پلانێکی بۆ ڕزگارکردنت هەبوو یان شتیتر؟

قازی محەممەد گوتی: "بەڵێ، بارزانی خەبەری دامێ کە هەر شەوێك دەڵێ، من دەتوانم ژمارەیەکی زۆر لـە پێشمەرگەکانم بنێرم و بێنە ناو پادگان و بـە هەر جۆرێك بێت لـە بەندیخانـە ڕزگارت بکەم! مەلا مستەفا زۆری مەبەست بوو لـە بەندیخانـە نەمێنمەوە و نەکوژرێم!".

پرسیار: ئەی بۆچی ئەو کارەی نەکرد؟

وەڵام: من خۆم نەمویست! پرسیار: لـەبەرچێ؟بۆچی ئامادە نەبووی ڕزگارت ببێ؟

قازی محەممەد وەڵامی دایەوە: "لـەبەر چەند هۆیەکەوە بوو!". سەرهەنگ عەتایی پرسی: "هۆیەکان چی بوون؟".

قازی محەممەد گوتی: "سەرەتا لـەبەر ئەو پەیمان و بەڵێنانـەم بوو کە گوتم; دووەمیش بۆ ئەوە بوو زیاتر لـەوە خوێن نەڕێژرێ، بـەتایبەت لـە پێناوی مانـەوەی مندا، و من نیگەرانی کوشت و کوشتار بووم!".

سەرهەنگ عەتایی وتی: "بەڕاستی نیگەرانی خۆت بووی یاخود بارزانییەکان یاخود نیگەرانی سەربازانی ئێمە بووی!؟".

قازی محەممەد گوتی: "نەوەڵڵا، نـە نیگەرانی خۆم بوون و نـە نیگەرانی سەربازانی ئێوە، بەڵکو نیگەرانی کوردەکان و لاوەکانی بارزانییەکان بووم، دەنا من ئەوەم بۆ خۆم داناوە و دەمزانی هەر دەکوژرێم; ئەمەیان ئاواتی منـە!".

سەرهەنگ عەتایی گوتی: "دەکرێ بڵێی بۆ ئەوەندە نیگەرانی بارزانییەکانی!؟".

قازی محەممەد: "لـەبەر چەند هۆیەك!".

سەرهەنگ عەتایی: "ئەو هۆیانـە چین؟".

قازی محەممەد: "چونکە مەلا مستەفا و بارزانییەکان هیوای دواڕۆژی میللـەتی کوردن و منیش پەرچەمی کوردستانم بـە ئەوان سپاردووە، ئەوان پارێزگاری ئەو پەرچەمە (ئاڵا) بکەن تا ڕۆژی خۆی. ئاڵای کوردستان لای ئەوانـە، نەك ئەوە کە سەرهەنگ نیکوزاد تفی لێ کردو پێی لـەسەر دانا! هیوام بەو خوایە، ڕۆژێك بێت و ئەو ئاڵایە بـە دەستی بەتواناو بەهێزی بارزانی لـەسەر ئەم خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم و هەموو شوێنـە بەرزەکانی کوردستان بشەکێتەوە!!".

سەرهەنگ عەتایی: "دوایین پرسیار، ئایا بەڕاستی خۆت نەچووی یا مەلا مستەفا لـەگەڵ خۆی نەیبردی و نەیویست لـەگەڵیدا بیت؟".

قازی محەممەد: "وا دیارە ئەوانـەی من ئێستا وتومە، باوەڕت پێیان نییە!؟".

سەرهەنگ عەتایی: "نا، حەز دەکەم ڕاستییەکەیم پێبڵێی!".

قازی محەممەد: "سەرهەنگ پێت ڕادەگەیێنم کە تۆش ئیهانـە نەکەی! یانی چی ڕاستییەکەیت پێ بڵێ!؟ نا من بۆ کوێ دەڕۆم، ئێرە خاکی کوردستانـە! باب و باپیرانم لێرە ژیاون، خۆ من پیشەوەری ژنسیفەت نیم وڵات و میللـەتەکەم بەجێ بهێڵم و هەڵێم!!".

سەرهەنگ عەتایی لـە ترسی قازی محەممەد دووبارە توڕە نەبێتەوە و وەك نیکوزاد ئەویش ڕیسوا نەکا بـە پەلـە داوای لێبووردنی کرد و سوێندی خوارد کە مەبەستی ئیهانـەکردنی نەبووە، بەڵکو قسەیەك بووە و هاتووە!". قازی محەممەد گوتی: "ئەگەر قسەیەکم گوتبێ و ئێوە پێتان خۆش بووە، ئەوە دیارە زۆریانم پێچەوانـە پێگوتون، دەنا

یەقینەن ئەوەی وتوومە، هەمووی وایە!".
سەرهەنگ عەتایی: "بەڕاستی داوات لێدەکەم وەڵامی ئەو پرسیارەشم بدەوە کە ئەوەندە هۆگریت بە میللەتەکەت و وڵاتەکەت هەیە! بۆچی و چۆن بوو ئیجازەت بە بێگانەدا بێتە ئەم وڵاتە و ببێتە سەرباری گەلەکەت!؟".

قازی محەممەد: "دیارە ئەوەندە ئەو وشەیە دووبارە دەکەمەوە، مەبەستتان هێزەکانی ڕوس و ئینگلیزە!".
سەرهەنگ عەتایی: "نا، مەبەستم مەلا مستەفا بارزانییە!".
قازی محەممەد بە پێکەنینەوە گوتی: "دەمێکە وەڵامی ئەو پرسیارەم داوەتەوە، دووبارە کردنەوەی پێناوێ، پێم گوتن بارزانی نە من هێناومە و نە بێگانە و گەیرە کوردە! مەلا مستەفا کوردە و کوردستانماڵی هەموو کوردێکە و مەلا مستەفا بارزانی وەکو ئینسانێك لە بەشێکی ماڵەکەی خۆی هاتۆتە بەشێکیترەوە! هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێن و لایەکی ملّك و ماڵی خۆیدا دابنیشێ و ئەوە مافی خۆیەتی وباش باش بزانن، من خۆم حەزم نەکرد بڕۆم، دەنا من چەندین ئۆتومبێلم لەبەردەستدا هەبوو; هەرکات و سەعاتێك مەیلم بوایە، دەمتوانی بڕۆم و لە خاکی ئێران دەربچم. زۆر باشیش لە سەرەنجامی کارەکەی خۆم ئاگادار بووم! ئێوەشم زۆر باش دەناسی، هەروەك بارزانی گوتی، ئێوەی عەجەم لە کاتی زەلیلیدا کەس نازانێ و ناتوانێ وەك ئێوە بپارێتەوە و مەزلومییەتی خۆی نیشان بدا، بەڵام لە کاتی دەسەڵاتداریدا، کەس لە عەجەم زاڵمترو بێبەزەیی و کەللەڕەقتر و دڵ ڕەشتر نییە!!".
بەم شێوەیە دادگایی قازی محەممەد کۆتایی هات.

ئینجا نۆرەی محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی هات و زۆر بە هەیبەت و ویقارو لەسەر خۆیی و بوێری هاتە ژوورەوە و هەر پێی وانەبوو ئە مە دادگایە. سەرهەنگ نیکوزاد هاتەوە سەر شوێنی ڕەسمی خۆی و ڕووی لە سەیفی قازی کردو دەستیکرد بە پرسیار: تۆ چۆن بووی بە وەزیری جەنگ و بۆچی ئەو بەرپرسیاریەتیە پوشالییەت (پەمبەیی) وەرگرتو مەبەستت لەم کارە چی بوو؟

سەیفی قازی: من بە ئیفتیخارەوە ئەو ئەرکەم وەرگرت و مەبەستم خزمەت بە گەلەکەم بوو، هیچیتر! پرسیار: مەبەستت خزمەت بوو یان بۆ ئەوە بوو لە ڕێگای مەسئولیەتدا پووڵ وەسەریەك بنێی و پێی بژی؟ سەیفی قازی: (بە پێکەنینەوە) سەرهەنگ، مەگەر تۆش من ناناسی، نەك هەر بۆ پووڵم نەکردووە، بەڵکوو من مەبلەغی دوو میلیۆن تمەنم بۆ میللەت و کۆماری کوردستان خەرUکردووە کە دارایی و سەروەتی تایبەتی و کەسیی خۆم بووە. سەرهەنگ، وادیارە نەك هیچ هەر لە بارەی منەوە نازانی، بەڵکوو شتێکی ئەوتۆش لە کارو داب و نەریتی دادگا و دادڕەسی نازانی! لێرەدا چونکە سەرهەنگ لە جنێوەکانی قازی محەممەد تووڕە بوو و دڵی پڕ بوو و هەستی بە تێکشکان و دۆڕان دەکرد، ویستی بەهانەیەك بە سە یفی قازی بگرێ و خۆی تووڕە بکات. بەڵام سەیفی قازی ئاگاداری کردەوە و پێیگوت: "ئێمە تازە دەستمان لە ژیان و ماڵی خۆمان شوشتووە و ئەگەر بە قەد تۆزقاڵێك بێ ئەدەبی و جەسارەت بکەی، من وەکو قازی محەممەد نیم هەر بە قسە و جنێودان وازت لێبێنم، (مستی خۆی گرێ کرد و بە سەرهەنگی نیشان دا و پێی وت) بەم مستە سەرو گوێلاك و دەم و ددانت دەشکێنم.. . ، ئاخر لە مەرگ زیاتر کە ئاواتی ئێمەشە، چیتر هەیە!؟

یەك میلیۆن درۆ و بوختان و قسەی قۆڕ و شتیترتان، شتیتری بێواتاتان بۆ درووست کردووین، ئەوجا خەریکن غەڵەت و ناماقوڵی زیاتریش دەکەن! هەموو ئەو درۆو بوختانانەی کە سازتان کردووە، هیچ بنەما و ئەساسێکیان نییە، بەڵام ئێستا من لێرە ڕادەگەیێنم کە ئەو هەموو درۆو بوختانانە بە شانازییەوە لەسەر خۆم قەبوڵ دەکەم، ئیتر ئامادە نیم هیچ وەڵامێکتان بدەمەوە!". بەم شێوە دادگای سەیفی قازیش کۆتایی هات. ئینجا نۆرە گەیشت بە ئەبولقاسم سەدری قازی و هێنایانە بەردەم دادستان و یەکەم پرسیارێك کە ئاراستەیان کرد ئەوە بوو کە ئایا مەبەستت لەو نامەیە چی بوو کە بۆ قازی محەممەدتان نووسیوە و داوات لێکردوە خۆڕاگرن تا کۆمەکتان دەگاتێ!؟ سەدری قازی گوتی: "هەرگیز شتێکی وا لە ئارادا نییە و ئەگەر دەڵێن بووە، فەرموون بیخەنە ڕوو!". دادستان گوتی: ئەدی ئەو شێعرە چییە کە بۆ بارزانیت نووسیوە؟ سەدری قازی: بەڵێ، ئەوە من نووسیومە، خۆشم ویستووە و شێعرم بۆی نووسیوە! دادستان: ئایا ئەو یارمەتییەی کە تۆ نووسیوتە، پێشتریش بووە یان بۆ جاری یەکەم بووە کە لەلایەن بێگانەوە کۆمەکتان پێبکرێ؟ سەدری قازی: ڕەدی دەکەمەوە، شتی وا نەبووە! بەم شێوەی

دادگاییکردنی دووبارەی هەر سێ قازییەکان تەواو بوو. شێوە ی ئە م پرسیارگە لە ناشیانانە نیشانە ی سە تحی سە وادی ئە فسە رانی شا بووە و بە ڕوونی دە ردە کە وێ کە حوکمی ئێعدامی قازیە کان لە تاران دە رچووە.

6. تە ئسیری کۆماری کوردستان لە سە ر ڕاپە ڕینە کانی گە لی کورد تابە ئە مڕۆ هە رچی لە ڕووداوی مێژوویی و گرینگی 2ی ڕێبە ندان دوور دە کە وینە وە، ماناو مە فهومی ئە م ڕۆژە بۆ گە لی کورد زیاتر دە ردە کە وێ و ڕوونتر دە بێتە وە. 2ی ڕێبە ندانی 1324 درکێکە لە چاوی دوژمنانی گە لی کورد دا و تە نانە ت یادکردنە وە ی ئە م ڕۆژە ترس و خۆف دە خاتە دە روونی نە یارانی گە لی کورد. لە ماوە ی 59 ساڵی ڕابردوودا لە هە موو بە شە کانی کوردستان ئە وە بە تاڵی تە جربە کراوە کە دوژمنانی گە لی ئێمە ڕە نگبێ زۆر شت لە بیرخۆیان بە رنە وە، بە ڵام هە رگیز دە ست لە دوژمنی لە گە ڵ ویست و داخوازە کانی ئێمە واتە ئازادی، سە ربە خۆیی و دیاری کردنی مافی چارە نوسی ئێمە هە ڵناگرن و بە دڵنیایی لە داهاتووش دا واز لە دوژمنایە تی کردن لە گە ڵ ئێمە ناهێنن و بە تە واوی تواناوە هە وڵ دە دە ن ڕێگە ی گە یشتنی گە لی ئێمە بە ئازادی بگرن. ئێمە چ پێش کۆمار و چ دوای کۆماری کوردستان جێژن و ڕاپە ڕینی زۆرمان لە کوردستان دیتوە کە قوربانی زۆرمان لە سە ر داون، بە ڵام بە شە هادە تی مێژوو کۆماری کوردستان بە ڕێبە رایە تی پێشە وای نە مر و هاوڕێکانی و پشتیوانی زۆری بە شە کانی تری کوردستان لە عێڕاق بە ڕێبە رایە تی نە مر بارزانی نوختە گۆڕانێکی گرینگە لە مێژووی هە موو ڕاپە ڕینە کانی گە لی ئێمە دا. کۆماری کوردستان ئە مڕۆکە بۆتە سە مبولی خۆڕاگری گە لی ئێمە لە ناوچە و جیهاندا. چونکە ویست و داخوازە کانی ئە م کۆمارە ئە مڕۆکە ش تازە ن و مانا و گرینگی تایبە تی خۆیان هە یە. ئە مڕۆ ڕێژیمە کۆنە پە رستە کانی ئێران، تورکیە و سوریە بۆ پێشگیری لە ویستە ڕە واکانی 2ی ڕێبە ندان و گە لی کورد لە سە راسە ری کوردستان دە ست بۆ هە رچە شنە فێڵ و جینایە تێک دە بە ن و لە هە ر فرسە تێک دا پە رە بە دوژمنایە تی خۆیان دژی ئێمە دە دە ن.
ئێمە هە م لە ڕابردوو و هە م ئێستاکە ش شاهیدی جینایە تە کانی ئە م ڕێژیمانە ین. نە مران دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شە ڕە فکە ندی و هاوڕێیانیان لە کوردستانی ئێران شە هیدانی ئە م جۆرە دوژمنایە تی کوێرانە ی نە یارانی کوردن کە نێزیک ساڵێک دوای ڕوخانی ڕێژیمی سە ددام لە کوردستانی عێڕاق بە شێوە یە کی زۆر وە حشیانە تر ڕووی داو ڕێبە رانێکی بە تواناى وە ک نە مران سامی عبدالرحمن، شاخە وان عە باس، شوکت شێخ یە زدین، خە سرە و شێرە و دە یان پێشمە رگە ی قارە مانی تر لە ڕێگای خۆتە قاندنە وە ی تێرۆریستێک گیانیان لە دە ست دا کە ئە م جینایە تە بێشک وە ک پە ڵە یە کی نە نگ بە نێوچاوانی عامیلانی ئە م کردە وە دزێوە لە مێژوودا سە پت دە بێ.
ئێستاکە ش دوژمنانی گە لی ئێمە دە یانە وێ ئێمە بە م شێوە بە چۆک دا بێن و لە هە ولی ئاژاوە گێڕی دان تا پێش بە پرۆسە ی دێموکراسی و ئازادی کورد و عێراقی فیدڕالی و فرە نە تە وە یی بگرن. پێش هە موو شتێک دە یانە وێ ئە گە ر بە مە جبووری مل بۆ ویستە- کانی گە لی کوردیش ڕابکێشن، بە شێکی گرینگ لە خاکی کوردستان واتە شارە کانی کە رکوک، موسڵ و خانە قین لە هە رێمی کوردستان جیا بکە نە وە. ئە م سیاسە تە کۆنە پە رستانە ش دیارە هە م بە قازانجی حکومە تە دیکتاتۆرە کانی ناوچە و هە م ویستی هێندێک لە وڵاتە قازانج پە رستە کانی ئوروپایی و ئە مریکایی شە. ئە م شتە کە ساڵها ویست و ئارە زووی بە شێک لە گە لانی عە رە ب و تورک و فارسی ناسیونالیست و دواکە وتوو بوە کە لە زە مانی شاسمایلی سە فە وی و سوڵتان سە لیمی عوسمانی تا حاکمیە تی ئیمپریالیستە کانی ئینگلیس و فە ڕانسە دوای شە ڕی یە کە م و دووهە می جیهانی درێژە ی بوە و گە لی کوردیان لە سە ر زە مینی خۆیان ئاوارە دە کرد و لە جیاتی ئە وان عە رە ب و تورک و فارسیان نیشتە جێ دە کرد. هە ر ئە و جینایە تە ی کە لە دوایی سە دامی دیکتاتۆر بە ڕێوە ی برد، دە یانە وێ بە ڕە سمی بناسێنن. بۆ وێنە شاری موسڵ بە پێی سە رژمێری ساڵی 1925 کە نێزیک بە 86% ی کورد بوە کە لە زە مانی ئە لبە کر و سە دام بە عە رە ب کراوە، مۆرە تە ئیدی لە سە ر دابنێن.
هاووڵاتیانی خۆشە ویت، ئێستا ئێمە وە ک بە شێک لە گە لی کورد چ ئە رکێکمان لە بە رانبە ر خۆمان و ئێوە لە کوردستانی عێڕاق لە سە ر شانە؟بێشک ئە م بە شە لە کوردستان ئە مڕۆ زیاتر لە هە ر کاتێکی تر پێویستی بە هاوکاری مە عنە وی هە مووی ئێمە ی کورد لە کوردستان و جیهان هە یە. ئە مە شتێکی بە رچاوە کە ئە گە ر سیستێمی فیدڕالی دێموکڕاتیکی لە عێڕاق بێتە سە ر کار، بۆ هە موو کوردە کانی تری پارچە کانی تر سە رکە و- تنێکی گە ورە یە و کوردستانی عێڕاق دە بێتە جێگای هیوا و هومێدی هە موو گە لی کورد و زیاتر لە وە ش گە لانی پێشکە وتووی جیهان ئیتر ناتوانن چاو لە زوڵم و زۆری بپۆشن و قە بوڵ ناکە ن کە لە وڵاتە فرە نە تە وە یی

یه كانی جیرانی عێراقیش پێش به دامه زرانی ئه م سیستێمه بگیرێ. هه ر به م هۆیه شه وه یه كه سه رانی حكومه ته كانی كۆماری ئیسلامی، توركیه و سوریه سه ره ڕای ناپاكی له نێوانیان، له به رانبه ر ته رحی سیستێمی فیدڕالی له عێراق یه ك ده نگ و یه ك سیاسه ت په یڕه و ده كه ن و ده یانه وێ پێش به دامه زراندنی ئه م سیستێمه بگرن. كه وابوو كورده كانی سه راسه ری كوردستان ده بێ له به رانبه ریان دا یه ك بگرن و ئه گه ر ناكۆكی یه كیش هه بێ، بۆ ده سته به ر كردنی ئه م مافه پیرۆزه واته سیستێمی فیدڕالی ده ست له ناكۆكی هه ڵگرن. داوای هاوكاری له سازمان و ده وڵه ته به شه ر دۆست و هاوبیره كان بكه ن و پێ له سه ر ویستی ڕه وای خۆیان دابگرن.

هیوادارم سه رانی گه لی كورد بۆ به ره و پێش بردنی هاوكاری و یه كێتی خۆیان زیاتر تێ بكۆشن و به تایبه تی ڕێبه رانی كوردستانی عێراق له سه ر هه ڵوێستی به جێی خۆیان سوور بن. بێشك سوور بوونی ئه وان له سه ر ویسته كانی گه لی كورد جێگای پشتیوانی هه موو گه لی كورده. ئه مه شانسێكه تایبه تی و مێژوویی یه كه بۆ گه لی ئێمه هاتۆته پێش و ئه گه ر به دروستی كه ڵكی لێ وه رنه گرین، بێشك دۆزی ڕه وای ئێمه ده توانێ بۆ زیاتر له سه د ساڵی تر دوا كه وێ.

دوكتۆر گوڵمراد مرادی

Dr. GolmoradMoradi@t-online.de